# ئەمریكا بەڵگەی دەستێوەردانی ڕژێمی ئێران لە عێراق دەداتە مالیكی

وەزارەتی دیفاعی ئەمریكا ڕایگەیاندوە كە نوێ ترین بەڵگەی لە پێوەند بە پشتیوانی ڕژێمی ئێران لە چەكدارە عێراقیەكانی داوە بە دەوڵەتی عێراق.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری ئاسوشیتدپریس بەرپرسانی وەزارەتی دیفاعی ئەمریكا رۆژی چوارشەممە ١١ی خاكەلێوە لە ووتوێژێكی هەواڵدەری رایگەیاند ئەو بەڵگانە بریتین لەو چەكانەی كە تاریخی دروست بوونیان لە سەرە و ساڵی ڕابردوو لە ئێران دروست كراوە.

ئەو چەك و تەقەمەنیانە لە چەند مانگی ڕابردوودا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق ئاشكرا بوون و بریتین لە خومپارە، مووشەك، چەكی بچوك، بۆمبی قەراغ جادە و بۆمبی تانك شكێن.